نامەی هیوا قادر...

هاوڕێی شیعر و تەمەن ___________________________

دلاوەر گیان دیوانەکەت "لێرەو لەوێ باران، دووراودوور هەتاو"م خوێندەوە، یان ڕاستترە بڵێم بۆ چەندەمین جار خوێندمەوە، چونکە پێشتر هەموو ئەو شیعرانەم خوێندبوونەوە چەند دانەیەکیان نەبێت، کە ڕەنگیشە بیرم چووبنەوە. من هەمیشە شیعری تۆم خۆش ئەوێت، بێ هیچ غرورێک من تۆ لە پێش خۆم دائەنێم، چونکە شیعرییەتی تۆ لێورێژە و هەمیشە ئەڕژێت. زۆر لەو شیعرانە وەک تێپەڕبوونی بۆنێک، یان گوێگرتن لە مۆسیقایەک ئاوها یادەوەری ئەو ساڵانەیان بیرهێنامەوە کە خوێندبوومنەوە، یان ئاگاداری نووسینیان بووم، لە هەندێک قۆناغ دا من و تۆ زۆر لەیەکتر نزیکین، وەک دوو شۆڕەبی جارجارە لقمان تێکەڵ بەیەکتر ئەبێت، بەڵام ئەوە بایە ئەزانێت پرچی شیعری کاممان بۆ کام لا شانە ئەکات. نووسینەکەی هاوڕێمان عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجیم زۆر پێ جوان بوو، قورس و قەمەر و زانا بە شیعری تۆ و دنیای شیعر و ڕەخنە، بەڵام ئەو سەرسامییەم بۆ ئەوەی ماری لابرۆس نەبوو، هێشتا ئێمە لەناو خەیاڵی ئینسانی غەیرە کوردا هەر جەنگاوەرە ئازاکەین و تفەنگەکەمان بەدەستەوەیە، ڕەنگە هۆی ئەوەش بێت شیعری نویی کوردی بەباشی نەناسێت. خۆشحاڵ بووم کۆی شیعرەکانتم لە کتێبێکی جواندا بینی، خۆزگە منیش هێندە تەممەڵ نەئەبووم و کارێکی وام ئەکرد.

خۆشمئەوێیت دلاوەر گیان ٢٠٢٠/٧/١٠